Fact sheet 1 | دیموگرافی

## سەرەتا :

ئەم رووپێوە بەناوی تۆڕی زانیاریی عێراق ((Iraq Knowledge Network (IKN) لە نیوەی دووەمی 2010 کارە ئامادەکارییەکانی وەکو دانانی پرسیارنامە، دەست نیشانکردنی نموونە و خولی راهێنانی سەرپەرشتیار و توێژەرەکان) ئەنجامدران و دواتر بڕیاردرا لە سەرەتای مانگی شوباتی 2011 دەست بکرێت بە کاری مەیدانی. لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەر پارێزگایەك سەرپەرشتیارێکی ناوەندی، هەماهەنگکارێك، بەرپرسێکی کاروباری ئیداری و لۆجستی، تیمێکی کاری مەیدانی، تیمێکی کۆدکردن، تیمێکی داگرتنی داتا و هەروەها تیمێك لە دەستەی ئامار ( سەرۆکی دەستە وەکو سەرپەرشتیاری گشتی هەرێم و بڕیاردەری رووپێو، سەرپەرشتیارێکی ناوەندی، بەرپرسێکی کاروباری ئیداری و لۆجستی) و لێژنەیەکی تایبەت بە وەرگێڕانی فۆرم و رێنماییەکان) کاریان کردووە بۆ بەئەنجام گەیشتنی ئەم رووپێوە.

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم رووپێوە بەدەست هێنانی زانیاریی تێر و تەسەڵە سەبارەت بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دانیشتوان، بە تایبەت دانیشتوانی چالاك لە رووی ئابورییەوە (هێزی کار)، جۆر و ئاستی پەککەوتەیی، خۆراك، خزمەتگوزارییەکان و هەڵسەنگاندنیان لە لایەن هاووڵاتیانەوە، شوێنی نیشتەجێ بوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

نموونەی ئەم رووپێوە پشت بە چوارچێوەی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی بینا و نشینگە و خێزانەکان دەبەستێت کە لە ساڵی 2009 دا و بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ سەرژمێریی ساڵی 2010 ئەنجام درا بوو.

قەبارەی نموونەکە لە هەرێمی کوردستان دەکاتە (8316) خێزان (هەولێر 2520 خێزان، سلێمانی 4032 خێزان و دهۆك 1764خێزان). هەروەها رێژەی وەڵامدانەوە لەم رووپێوەدا بریتییە لە: هەولێر 81.03% ، سلێمانی 97.32% و دهۆك 84.24%.

## قەبارەی خێزان، تەڵاق، هاوسەرگیری

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کەسانی تەمەن (15-24) ساڵ رێژەی 20.7٪ پێکدێنن. هەروەها رێژەی سەڵت بوون لە شار 30.9٪ ە و لە گوند 27.9٪ ە و کۆی گشتیش بریتییە لە 30.4٪ .



ڕێژەی کەسانی خوار تەمەن 12 ساڵان ئەوە دەسەڵمێنێت کە لەدایك بوونی کوڕ زۆرترە لە لەدایك بوونی کچ، واتە ڕەگەزی نێرینە ئاستێکی بەرزتری هەیە لە نێو لەدایك بوواندا.

دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی باری هاوسەرگیری لەسەر ئاستی ڕەگەز (٪)




بەرزترین ڕێژەی قەبارەی خێزان لە شارنشین بۆ خێزانی 4 کەسییە و لە گوند نشینیش بۆ خێزانی 5 کەسییە، هەروەها لە دوای قەبارەی 7 کەسی، داتەپینی بەهێز هەیە لەقەبارەی خێزان لە شارنشیندا کەچی لە گوندنشین ئەم داتەپینە زۆر بەدی ناکرێت. هەروەها ڕێژەی ئەو خێزانانەی قەبارەیان کەمترە لە چوار کەس ئەوە دەردەخات کە ئاستی هاوسەرگیری و ئارەزووی منداڵ بوون هەم لە شار و هەم لە گوند کەم بۆتەوە و تەنانەت لە گوندنشین کەمترە لە شارنشیندا.

بەم پێیەش، بەرزترین تێکڕای قەبارەی خێزان بەر گوندنشینی پارێزگای دهۆك دەکەوێت و نزمترین تێکڕای قەبارەی خێزانیش بەر شارنشینی پارێزگای سلێمانی دەکەوێت و تێکڕای گشتیی قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە 5.4 کەس/خێزان.

دیاردەی نەبوونی منداڵ (درەنگ هەبوون و کەمتر هەبوونی منداڵ) هەم لە شار و هەم لە گوندیش زۆر بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. بەرزترین ڕێژە هی ئەو خێزانانەیە کە ژمارەی منداڵیان سفرە (منداڵیان نییە) و لە شارنشین زیاتر لە چارەکی خێزانەکان و لە گوندنشینیش زیاتر لە پێنج یەکی خێزانەکان پێکدێنن. ئەم چارتەی خوارەوە زانیاریی زیاترمان پێدەدات سەبارەت بەم بابەتەوە.

Kurdistan Region Statistics Office
KRSO

## دیموگرافی

دابەشبوونی خێزانەکان بە پێی ژمارەی منداڵ (٪)




بەرزترین ئاستی تاکەکانی کەمتر لە 15 ساڵ لە پارێزگای دهۆك بەدی دەکرێت کە بریتیە لە 41.1٪ و نزمترینیشیان لە پارێزگای سلێمانییە کە ئەویش 33.7٪ ە. لەسەر ئاستی هەرێمیش منداڵانی خوارووی 15 ساڵ رێژەی 37.2٪ ی دانیشتوان پێکدەهێنن کە ئەم رێژەیە لە شار 35.9٪ و لە گوند 43.9٪ ی دانیشتوان پێکدێنێت.

سەبارەت بە رێژەی تەلاقیش، لە نێوان ئافرەتانی گوندنشین زۆرترین رێژەی هەیە (0.4٪) و لە نێو پیاوانیش (چ لە شار و چ لە گوند) کەمترین رێژەیان هەیە (0.2٪) و کۆی گشتیش لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 0.3٪ . ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رێژەی هاوسەرگیری کردنەوەی ئافرەتان دوای تەلاق لە بەرامبەر پیاواندا لە ناوچە گوندنشینەکاندا 50٪ ە. هەروەها رێژەی سەڵت بوون (بۆ کەسانی تەمەن 12 ساڵان و سەرووتر لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و ئەتوانین بڵێین هاوتایە لەگەڵ رێژەی خێزاندار بوون. بێگومان ئەمەش دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری دەردەخات و نیشاندەری ئەوەیە کە گەنجان خۆیان لە هاوسەرگیری بەدور دەگرن و درەنگ و لە تەمەنی سەروو، هاوسەرگیری دەکەن. خاڵێکی تر کە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە جیاوازیی نێوان پیاوان و ئافرەتانی خێزاندارە. ئەمەش گەواهیدەرێکە بۆ بەرز بوونی رێژەی ئەو پیاوانەی زیاتر لە یەك هاوسەریان هەیە و ئەم رێژەیەش ئەتوانین بڵێین بەرچاوە.

## نەخوێندەواری، بێکاری، کۆچ

رێژەی نەخوێندەواری لە سەر ئاستی هەرێم لە شارنشین 16.8٪ و لە گوندنشین 24.7٪ و کۆی گشتیی نەخوێندەواری لە هەرێم بریتییە لە 18.3٪ .

هەروەها بێکارەکان لە شارەکان رێژەی 1.5٪ ی دانیشتوان و لە گوندەکانیش رێژەی 1.7٪ ی دانیشتوان پێکدێنن و بە گشتیش رێژەکەیان 1.6٪ ی دانیشتوانە.

سەبارەت بە بابەتی کۆچ کردن، زۆرترین رێژەی لە پارێزگای هەولێر دایە، واتە 8.6٪ ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە دەرەوەی ئەم پارێزگایە لە دایك بوونە و کەمترین رێژەش لە پارێزگای سلێمانیە کە 6.2٪ ی دانیشتوانە. و لەسەر ئاستی هەرێمیش 7.5٪ ی دانیشتوان لە دەرەوەی پارێزگای خۆیان (چ لە پارێزگایەکی تر لەناو عێراق یان لە دەرەوەی عێراق) لەدایك بوونە. ئەم نیشاندەرە بۆ شوێنەکانی تری عێراق بریتییە لە 5.5٪.

لەبارەی هۆکارەکانی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بەرزترین ئاست دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەرکردن یان کۆچ پێکردنی بەزۆر و لەمەش زۆرترین ڕێژە دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای هەولێر (35.5٪) و کەمترینیش بۆ پارێزگای سلێمانی (32.6٪) و کۆی هەرێمیش بریتییە لە 33.9٪ و لە پارێزگاکانی تری عێراق بریتییە لە تەنها 15.7٪. هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون بابەتی پەنابەری یە لەناوخۆی عێراق. لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی هەیە لەم بابەتەدا کە بریتییە لە 3.3٪ و پارێزگای دهۆکیش کەمترین ڕێژەی هەیە کە 1.4٪ ە و لە پارێزگای سلێمانیش 1.9٪. ئەم نیشاندەرە لە شوێنەکانی تری عێراق 0.3٪ ە.